Article

IJOKS

**International Journal of Kurdish Studies**
(ISSN:2149-2751)
4 (2), pp. 336–349
http://www.ijoks.com

# The Poetics of the Symbol in the Kurdish Folktale

***Hemdad Hussen Bakir***[1] ***Mohammed Ahmed Hasan***[2]

**Received**: Jan 21, 2018 **Reviewed**: Feb 18, 2018 **Accepted**: Mar 21, 2018

## Abstract

The symbol is a key factor for achieving poeticism in text, which in turn shows the art of text. This research (The poetics of the symbol in the Kurdish folktale) came as an attempt to study the role of the symbol in the technical realization of the ancient texts such as folklore.The research consists of two parts. The first is the title of "The Concept of Poeticism" We tried to clarify this term in the theoretical aspect, and this is the reader's knowledge of the role of this concept in the texts.The second section, which was the title (the poetics of the symbol of the Kurdish folktale) and explained three types in the symbols: the historical symbol, the legendary and religious. We tried to stand in these three types in the texts of the folkloric story with its semantic implications, with the most important findings of the research and a list of sources that we have benefited from during this study.

**Keywords:** Poetics, Kurdish Folktale, Symbol, Folklore

**Recommended citation:**

Bakir H. H. & Hasan M. A. (2018). The poetics of the symbol in the Kurdish Folktale. *International Journal of Kurdish Studies* 4 (2), 336–349.doi: **10.21600/ ijoks.454451**

[1]. Prof.Dr. Department of Kurdish Language, College of Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region-Iraq. Email: hemdad.bakir@su.edu.krd
[2]. Lecturer, Department of Kurdish Language, College of Education- Shaqlawa, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region-Iraq. Email: Mohammed.hasan@su.edu.krd

پێشەکی

ڕەمز وەکو تەکنیکێك هۆکارێکی سەرەکییە بۆ هێنانەدی شیعرییەت لە دەقدا، ئەم شیعریەتە هەوڵێکە بۆ زیاتر بە هونەریکردنی دەق . هەقایەتی فۆلکلۆریی کوردی وەکو دەقێك بەرهەمی بیرکردنەوەی مرۆڤی سەرەتاییە . هەموو ئەو شتانەی مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا نەیتوانیوە لێکدانەوەیەکی زانستی و فەلسەفیان بۆ بکات، کردوونی بە ڕەمز . هێندێکجاریش بۆ بە ناراستەوخۆ دەربڕ ین پەنای بۆ ڕەمز بردووە . ئەم توێژینەوەی ئێمەیش (شیعرییەتی ڕەمز لە هەقایەتی فۆلکلۆری کوردیدا ) هەوڵێکە بۆ کارکردن لەسەر ڕۆڵی ڕەمز لە هێنانەدی شیعرییەت لە دەقێکی کۆنی وەکو هەقایەتی فۆلکلۆریی کوردیدا.

توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە . بەشی یەکەم بەناوی چەمکی ش یعرییەتە، هەوڵێکە بۆ ڕاڤەکردنی شیعرییەت لە ڕووی تیۆرییەوە، ئەویش بۆ زیاتر ئاشانکردنی خوێنەر بەم چەمکە و ڕۆڵی لەناو دەقدا . هەرچی بەشی دووەمیشە بەناوی شیعرییەتی ڕەمزیی هەقایەتی فۆلکلۆریی کوردییە، هەوڵێکە بۆ کارکردن لەبارەی سێ جۆری ڕەمز ئەوانیش : ڕەمزی مێژوویی، ئەفسانەیی و ئایینین . هەوڵمانداوە ئەم ڕەمزانە لەناو چەندین دەقی هەقایەتی فۆلکلۆریدا دەربهێنین و لەڕووی سیمیۆلۆژییەوە واتا و دەلالەتەکانیان لێکبدەینەوە . لە کۆتاییشدا گەیشتووین بە چەند ئەنجامێک.

بەشی یەکەم: چەمکی شیعرییەت

چەمکی شیعرییەت لە کۆندا خاڵی جیا کەرەوەی دەقی شیعری لە دەقی ناشیعریی بووە . کەواتە شیعرییەت لایەنی هونەریی دەقی بەهێز کردووە . ئەم چەمکە بۆ (ئەرستۆ) لە کتێبەکەیدا (هونەری شیعر) دەگەڕێتەوە. هەرچەندە ڕاڤەی (ئەرستۆ) بۆ ئەم چەمکە بریتیبوو لە کۆمەڵێ ڕێسا و یاسا. ئەم یاسایانە دەقی شیعرییان لە دەقی دیکە پێ جودا دەکرایەوە،بەڵام دواتر زاراوەی شیعرییەت گۆڕانکاری بەپێی بار و سەردەمەکان بەسەردا دێت. "ڕۆمان یاکۆبسن" شیعرییەت پێوەست بە زمان دەکاتەوە، هاوکات شیعرییەت بایەخ بە واتا لەناو زماندا دەدات . کەواتە ((پێوەستە بە داهێنان و ئەفراندنی کارێك، کە تێیدا لە یەك کاتدا زمان کرۆك و وەسیلەیەتی.)) [ خۆشناو،٢٠١٠،ل٢٢] لێرەدا شیعرییەت لقێکە لە زمانەوانی و ئەرکی شیعریی بە وشە و ئاخاوتن دەدات . شیعرییەت دەبێتە زمانێک زمانی پێدەرببڕێت . هاوکات دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی زمان لە زمانی ئاخاوتن و ئاسایی بۆ زمانی دەق و هونەر و ئەدەبی بگۆڕێت. ئەم بۆچوونەی "یاکۆبسن" ، "تۆدۆرۆف"ی ڕەخنەگرییش گرینگی پێدەدات. بۆیە بەلای ئەو ڕەخنەگرەوە شیعرییەت ((ئاخاوتنێکی ئەدەبییە.)) [توودۆرۆف،٢٠١٢،ل١٦] ئەدەبیش وەکو بونیادگەرەکان لێی دەنۆڕن بریتییە لە خودی زمان . واتە ئەوان هەرچی تەکنیك و گەمەی هونەرییە بۆ بە هونەریکردنی دەق هەیە، کە لە ناو زماندا دەیبیننەوە . کەواتە دەق شێوازێکی

تایبەت بە خۆی هەیە. هەرچەندە "بۆفۆن" پێوای وایە شێواز خودی مرۆڤ خۆیەتی، بەڵام شێواز دەکرێ بە ڕێیەکی نووسینیش هەژماری بکەین، کەواتە شێواز لێرەدا دەبێتە دیاریکردنی لادانی زمان و ئاستی شیعرییەت.

لێرەدا جێی خۆیەتی بپرسین، ئایا شیعرییەت تەنیا لەناو دەقی شیعریدا هەیە؟ ئایا تەنیا زمانی شیعر سەرشارە بە شیعرییەت؟ ئاشکرایە لە سەردەمی یۆنانییەکانەوە تا سەدەی ڕێنسانس شیعر تاکە ژانری باڵادەست بوو، شیعر و داهێنان لەگەڵ یەکدی دەهاتن، تەنانەت شانۆ و داستان بە شیعر دەنووسران . تەنانەت ڕەخنەگر و نووسەرانی عەرەبیش چ پیش ئیسلام و چ دوای ئیسلام شیعر تاکە بەرهەمی دڵخوازیان بووە . بۆ ئەمەیش "ئەدۆنیس" لە کتێبی (شیعرییەتی عەرەبی )دا بە جوانترین شێوە باسی ئەم پێوەستبوونەی عەرەب بە شیعر دەکات. لەوێدا زۆر زانستیانە ئەم بۆچوونانەی لەمەڕ شیعرییەت و شیعر ڕوونکردۆتەوە و ڕەخنەی لێگرتوون، بەڵام دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ، شیعرییەت تەنیا تایبەت بە شیعر نییە، بەڵکو دەکرێ لە قسەیەکی جوانی ڕۆژانەیشدا شیعرییەت هەبێت، هەموو قسەیەکی جوان، خاوەن ڕیتم و شیعرییەتە.

شیعرییەت و سیمۆلۆژیا پێوەندییەکی پتەو لەنێوانیاندا هەیە، چونکە هەردووکیان پێوەندن بە پرسی زمان و دەلالەتەوە . سیمیۆلۆژیا وەکو مێتۆدێکی ڕەخنەیی وەکو ئاراستەیەکیش بۆ ڕاڤەکردنی دەقی ئەدەبی خۆی ناساندووە . لەمەیشدا گرینگی بە شیعرییەت (کە پێداگری لەسەر بەرهەمهێنانی نیشانە دەکاتەوە) دەدات. هاوکات گرینگی بە بەرهەمهێنانی ئێستاتیکایش دەدات. هەریەکە لە "دی سۆسێر" و "چارلس پێرس"، کە بە ڕابەرانی سیمیۆلۆژیا دادەنرێن، بنەمایان بۆ ڕاڤەکردن و پێکهاتەی دەق ئیشکردنە لەسەر شیعرییەت . هەردووکیان لە بۆچوونەکانیاندا زیاتر لەناو زمانی دەقدا کار دەکەن . هاوکات پێداگریان زۆر لەسەر نیشانە کردۆتەوە، وەکو "پێرس" دەڵێت: (( نیشانە پێوەندییەکی فیزیکی لەگەڵ ئەو بابەتەی بۆی دەگەڕێتەوەدا، هەیە .)) [ الزواوي،٢٠٠٧،ص١٠٢] ئەم نیشانانە لە دەقدا بە هەمان واتای فیزیکی و واقیعی بە کار نایەن، بەڵکو ڕەهەندی دیکەیان دەبێت، ئەمەیش جۆرێک لە شیعرییەت بە دەق دەبەخشێت. بە بروای "ڕۆبەرت سکۆڵز" سیمیۆلۆژیا هەمیشە بۆ توێژینەوە لە کۆدەکان دەڕوات . واتە توێژینەوەیە لەو سێستەمەی کۆمەکی مرۆڤ لە درککردن بە ڕووداوەکاندا دەکات، ئەو ڕووداوانە نیشانە و واتایان لە خۆیاندا بارکردووە . لێرەدا توێژینەوەی سیمیۆلۆژیا وەکو بەشێك لە توێژینەوەی ڕۆشنبیریی و فەرهەنگیدا دەردەکەوێت . مادام شیعرییەت کارکردن بێت لەناو زماندا، کەواتە شێعرییەت لەناو دەقی گێڕانەوەیشدا هەیە، هەقایەتی فۆلکۆریش لە ڕێی هونەر و تەکنیکێکی ئێستاتیکییەوە شیعرییەت بەرهەم دەهێنێت لەوانە:

## بەشی دووەم: شیعرییەتی ڕەمز لە هەقایەتی فۆلکلۆریدا

هونەری ڕەمز چ وەك ئاراستە و چ وەك چەمك خەیاڵ دەسەڵاتی بەسەردا هەیە، واتە گوزارشتە لە بیرێک بە ڕێیەکی ناراستەوخۆ، بەشێوەیەکی دیکە ئاماژە بۆ شتەکە دەکرێت، دوای لێکدانەوە واتاکەی دەردەکەوێت . ڕەمز بەهۆی ج یاوازبوونی لە مەغزایەکەی هەمیشە تووشی لێڵی و ناڕوونیمان دەکات . ئەم ئاڵۆزی و ناڕوونییە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی هەستەکان. زاراوەی ڕەمز، کە بە ئینگلیزی دەبێتە Symbol لە بنەچەدا بۆ یۆنانی کۆن دەگەڕێتەوە. ئەم زاراوەیە ((لە کاری یۆنانی symballein وەرگیراوە، لە sam بە واتای لەگەڵ و boleinal بە واتای بایەخپێدان و ڕێزلێنان پێکهاتووە و دەگەڕێتەوە بۆ پارچەیەك زەخرەفە، یان هەر دەفرێکی تایبەت کە بۆ میوانان بە کاریان دەهێنا .)) [حەمەد،٢٠١٢،ل٥] واتە ئەم زاراوەیە پتر بۆ لێکنزیکردنەوەی خەڵک هاتووە. تا وەکو پێوەندی و هێمایەك بێ بۆ نیشاندانی هاوسۆزی و ڕێز . لێرەدا ڕەمز گوزارشتە لە شتێك، گوێگر واتا نادیارەکەی وشەکە لێکدەداتەوە . کەواتە کەسی نێرەر واتایەکی شاراوەی لە پشت وشەکانەوە شاردۆتەوە، ئەویش بە هۆی دەستەواژە و هێمای تایبەت، بۆ ئەوەی گوێگر بتوانێ لە ڕێی لێکدانەوەی ئەو دەستەواژە و هێمایانە واتا شاراوەکەی ڕەمزەکە ئاشکرا بکات . ڕەمز ((دەربڕینی دەنگێکی نزمە وەك بەچپەدوان، هاوکات جووڵاندنی لێوەکانە بە وشەی تێنەگەیشتوو، دەربڕینێکی شاراوەیە بە دەنگ وەکو ئاماژەدان بە لێوەکان، گوتراوە ڕەمز نیشان و ئاماژەیە بە چاو، برۆ، دەم و لێوەکان.)) [منظور،؟ص٣٥٦،٣٥٧] لە زۆر باردا ڕەمز کۆد و بە نهێنی پەیقینە، بۆ ئەوەی بەرانبەرەکەی لەو پەیامەی هەیەتی بگەیەنێ، کە ناتوانی بە ڕاستەوخۆ دەربیبڕێت.

گەلێک پێناسە بۆ چەمکی ڕەمز کراوە، هەروەك گوتمان شتێکی گوزارشتییە، وەکو هێمایەك بۆ شتێکی دیکەی جودا لە واتا فەرهەنگییەکەی. تەنانەت دەروونناسێکی وەکو "کارل گۆستاف یۆنگ" بە هۆکارێکی درکپێکردنی دادەنێ، چونکە مرۆڤ ئارەزووی لە هێمایە، دەبینین هەموو شتە درکپێکراوەکانی بە هێما و ڕەمز گۆڕیوە . بۆیەیش دەروونناسان لەڕێی لێکدانەوەی ڕەمزەکانی ناو خەونەوە، لێکدانەوە بۆ خەونی مرۆڤ دەکەن. مێژوونووسان و ئارکیۆلۆژییەکان لە ڕێی ڕەمزەکانەوە دەیانەوێ زانیاری لەسەر مرۆڤ و شارستانیەتە کۆنەکان دەستبخەن.

لێرەوە ڕەمز چەندە گرینگی و بایەخی لە ژیانی مرۆڤدا هەیە . بۆیەیش لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا لە ئەورووپا وەکو ڕەوت و بزووتنەوەیەکی ئەدەبی دەردەکەوێت. زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بە دیوانە شیعری (گوڵەکانی خراپە )ی "بۆدلێر ١٨٢١- ١٨٦٧" لە ساڵی ١٨٥٧ وەکو سەرەتای دەرکەوتنی سیمیبولیزم دەکەن . ((بە نۆرینی بۆدلیرەوە دنیا بێشەیەکی لێوان لێوی هێما و ئاماژەکانە، حەقیقەت لە خەڵکی ئاسایی شاراوەیە و پەنهانە و تەنیا شاعیر بە زەبری ئەو ئیدراکەی هەیەتی، لە ڕێگەی تەفسیر و ڕاڤە و شرۆڤەی ئەو هێما و ئاماژانە هەستی پێدەکات.)) [حوسێنی،٢٠٠٦،ل١٥٦] کەواتە بە پڕوای ئەم شاعیرە هەرچی لەم گەردوونەدا هەیە، ڕەمزە. ئەو ڕەمزانەیش هەموو کەس ناتوانی هەستیان پێ بکات و لێکدانەوەیان بۆ بکا، تەنیا شاعیر و نووسەرەکان نەبن . پاشان لە ساڵی ١٨٨٦دا یەکەم مانیفێستی

سیمبولیستەکان لە نووسینی "ژان مۆرێیاس" بڵاودەکرێتەوە. بۆیەیش ((لای سیمبولیستەکان، وەك چۆن لای نیگارکێشەکان بەشێوەیەکی دیارتر دەبینین : فیگەر و هێڵ و ڕەنگ دەکرێنە ڕەمز نەک تەنیا سێبەر و ڕووناکی بەشێوەیەکی واقیعیانە بە کار بێن و تەنیا تەعبیر لە هەست بکەن و تابلۆیان پێ جوان بکرێ .)) [ پیرباڵ،٢٠٠٤،ل١٤٧] ئەوەی لای ئەم ڕەوتە ئەدەبییە بەدی دەکرێت، ئەوەیە هیچ شتێك نابێ ڕاستەوخۆ گوزارشتی لێبکرێ، چونکە ئەگەر وابێت شیعرییەتی زمان، ئێستاتیکای ئەدەب دەکەوێتە کوێوە؟

دواتر هەر لەگەڵ پەیدابوونی مێتۆدی سیمیۆلۆژیدا، ڕەمز دەبێتە کلیلێك بۆ درکپێکردنی سروشت و بوونی مرۆڤ. دەبینین ئەمە لە هەقایەتی فۆلکلۆریدا تەواو ڕەنگی داوەتەوە، کەواتە بۆ ڕاڤەکردنی سروشت مرۆڤ لە کۆندا پەنای وەبەر ڕەمز بردووە . ئەم کلیلە دەبێتە هۆکار ێکی باش بۆ ئەوەی سیمیۆلۆژیستەکان گەلێک دەرگای پێبکەنەوە . "دی سۆسێر " لە چوارچێوەی وانەکانیدا لەبارەی زمانەوانیدا، ئاماژەی بە دال و مەدلوول کردووە . ((دال بۆ نموونە وەکو (دار) هیچ سیفەتێکی مەدلووکە لە خۆیدا هەڵناگرێت، تاکە بەهانەیەک بۆ ئەم ناونانە تەنیا دەستەواژە و ڕێککەوتنە .)) [ دی سوسییر، ١٩٨٥،ص٨٧] ئەمە بۆ هەموو دەستەواژەکانی دیکەی زمان ڕاستە. بۆیەیش لەم ڕێیەوە خوێندنەوەیەکی نوێی بۆ لێکۆڵینەوەی زمانەوانی کرد . کەواتە هەموو ناوێك ڕەمزێکە تاکەکانی هەر زمانێك لەسەری ڕێکەوتوون . هەر ئەم زمانناسە ئاماژە بۆ جۆرێکی دی کە لە دەلالەتەکان دەکات، ئەوانەی جگە لە مەدلوولی ڕێککەوتنەکە، مەدلوولی دیکەیان هەیە. بۆ نموونە (تەرازوو) دەلالەتە لە دادپەروەری، (کۆتر)ی سپی دەلالەتە لە ئاشتی، ئەم مەدلوولە زمانیانەی بە ئەرکی ڕەمزی ناوبرد . "ڕۆلان بارت " وەکو ڕابەرێکی سیمیۆلۆژی، بە تێبینی و ڕەخنەکانی لەبارەی ئەو چەمکانەی "سۆسێر" لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی بەرهەمی هێنان، خوێندنەوەیەکی دیکەی بۆ نیشانەناسی و ڕەمز بەتایبەت کرد. لە یەکەم ڕەخنەیدا لە کتێبی (بنەماکانی زناستی بەڵگە)دا زمان بە فراوانتر لە سیمیۆلۆژیا دادەنێت. ((زمان بەشێك نییە لە زانستی دەلالەت، بەڵکو زانستی دەلالەت بەشێکە لە زمان.)) [بارت،ص٢٩] کەواتە زمان سێستەمێکی گەورەترە لە سیمیۆلۆژیا . لەلایەکی دیکەوە هەموو پەیڤێکی دەرپراوی بە گوێرەی کارکردنیان لەناو دەقی ئەدەبی بە واتا بەستەوە . کەواتە بەبێ دەورووبەر(السیاق) ناتوانین ڕاڤەیەکی دروست بۆ پەیڤەکان (دالەکان/ڕەمزەکان) بکەین. کەواتە فرەیی لە مەدلوولدا۔ دێتەکایەوە . بۆ نموونە ڕەنگی سەوز تەنیا لە سێستەمی هێماکانی هاتووچۆدا نیشانەی ڕۆیشتنە، بەڵام لە دەورووبەری دیکە واتای تری هەیە . کەواتە لێکدانەوەی ڕەمزەکان دەبێ بە گوێرەی ئەو دەوروبەرەی تێیدا بەکاردێت لێکبدرێتەوە.

"یە لە لێکۆڵینەوەیەکی سیمیۆلۆژییدا، سێستەمی ڕەمزی لە J.Molinoهەرچی "ج.مۆلینۆ جیاتی سێستەمی نیشانەیی (العلامات) دانا. ڕووداوە ڕەمزییەکانی لە دەقەکاندا دابەشی سەر سێ ئاست کرد . ئەوانیش: ئاستی شیعری، ئاستی مادی و ئاستی هەستەکی . ئەم ئاستانە هاوکات ئەرکەکانی ڕەمز دیاری دەکەن . لە ئاستی پێوەندیی نێوان نووسەر و دەقدا

لێکدەدرێتەوە. واتە ئەوەی ڕەمزەکەی بەرهەمهێناوە لەگەڵ دەقە ڕەمزییەکەدا . لە ئاستی دووەمدا تەنیا بەرهەم و دەقەکە کاری لەبارەوە دەکرێت . لە ئاستی سێیەمدا تیشك دەخرێتە سەر دەق و پێوەندی لەگەڵ خوێنەر یان وەرگردا.

ڕەمز لە دەقی گێڕانەوەییدا خۆی لەناو هەموو توخمەکانی دەقی گێڕانەوەیی، یان هەقایەتدا پراکتیك دەکا. هەرچەندە "جەمال میرسادقی" لە کتێبەکەیدا (ڕەگەزەکانی چیرۆك) سێ جۆر لە چیرۆکی ڕەمزیمان بۆ دەستنیشان دەکا . ئەوانیش: چیرۆکگەلی ڕەمز واقیعی، چیرۆکگەلی ڕەمزی و سوریالی و چیرۆکگەلی ڕەمزە ناسرووشتییەکان .[میرصادقی،١٣٩٠،ص٥٤٧_٥٥٢] هەریەک لەم چیرۆکانە بەشێوەیەك ڕەمزیان تێدا بەکار هاتووە . بۆ نموونە لە یەکەم جۆریاندا ڕەمزە واقیعی و سروشتییەکان هەن، هاوکات دەکرێ واتای دیکەیان هەبێت . لێرەدا بۆ ئاشنابوون و لێکۆڵینەوە لە ئێستاتیکای ڕەمز لە هەقایەتی فۆلکۆری کوردیدا چەند جۆرێک لە ڕەمز پراکتیك دەکەین:

ا. ڕەمزی مێژوویی

هەموو دەقێکی ئەدەبی گوزارشتە لە کۆمەڵێ بۆچوون، مێژوویش وەکو فاکتەرێکی گرینگی دەربڕین، لەگەڵ ئەدەبیات سوود لە یەکدی وەردەگرن . کەواتە مێژوو خۆ ی دەخزێنێتە ناو ئەدەبیات بەتایبەت لەلایەن ئەو میللەتانەی هەمیشە داگیرکراو و ژێردەستەبوونە نەیانتوانیوە مێژووی خۆیان بنووسنەوە . ئەدەب بە هەموو ژانرەکانییەوە ڕێیەکی زۆر باش بووە، بۆ ئەوەی ئەو میللەتانە بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە سەرەداوەکانی مێ ژووی خۆیان بکەن. هەرچەندە هەقایەتی فۆلکلۆریی کوردی، وەکو هی هەموو نەتەوەکانی دیکە بەرهەمی بیرکردنەوەی مرۆڤی سەرەتای کوردە، بەلام بەپێی سەردەمە مێژووییەکان گۆڕانکاری بەسەر ڕووداو و کەسەکانی ناوی هاتوون. لێرەدا زۆر لایەنی مێژوویی هەیە وەکو ڕەمز و دەلالەت خۆ ی دەخزێنێتە ناو هەقایەت.

کەسایەتییە مێژووییەکان چ بیانی و چ کورد لە زۆر هەقایەتی فۆلکلۆرییدا ئاماژەیان بۆ کراوە . دیارە ناوهێنانیان لەخۆڕا نییە، بەڵکو دەبێ سەردەمی مێژوویی ئەم کەسایەتیانە گرینگی و بایەخی نەتەوەیی و مێژووییان هەبێت . "هاڕوونە ڕەشید" وەکو خەلیفەیەکی موسڵمانان لە هەقایەتی فۆلکلۆری کوردیدا زۆر جار ئاماژەی بۆ کراوە، بەتایبەت لەگەڵ "بەهلول"ی وەزیریدا. ئەمە دوو کەسایەتی دیکەمان بەناوەکانی "سوڵتان مەحموود و هەیاس " بیردەخەنەوە. ئەم کەسایەتیانە لە هەقایەتدا زۆر بایەخیان پێدراوە، بەتایبەت وەزیرەکانیان، کە بە مرۆڤی عاقڵمەند و زیرەك وێناکراون. "هاڕوونە ڕەشید" بە دوو شێوە لە هەقایەتی فۆلکلۆریی کوردیدا وەکو ڕەمز (بە گوێرەی بەدواداچوونی ئێمە ) هاتووە. لەلایەک وەکو خەلیفەیەکی هەوەسباز و لەلایەکی دیکە وەکو خەلیفەیەکی دادپەروەر.

لە هەقایەتی (سلێمانێ خولامێ وەز یری)، ئەم کەسایەتییە مێژووییە وەکو خەلیفەیەکی هەوەسباز و چاولەدەر وێنا دەکرێ. ((هارونە رەشیدی وەزیرەک هەبوو، ژنا وەزیری گەلەکا جوان

بوو، رۆژەکی هارون رەشید ل بەر پەنجەرکا دیوانا خۆ بوو، چاڤی وی ب سەربانێ قەسرا وەزیری کەت دیت ژنا وەزیریا ل سەربانی، ب خۆ یار بیا ب کۆترەکا د کەت، دلی هارون رەشید کەتێ.)) [ جەعفەر،٢٠١٠،ل٢٣] بە کارهێنانی ئەم کەسایەتییە کە خەلیفەیە و دەسەلاتی هەیە، ڕەمزە بۆ شێوازی ژیان و دەسەلاتی ئەو . کەواتە ئەم خەلیفەیە زۆر حەزی بە ژن و کەنیزە و کۆشک و تەلار کردووە . بۆیەیش لەناو هەموو خەلیفەکانی ئیسلامدا زیاتر باسی ئەم دەکرێت، زۆرترین ڕەنگدانەوەیشی لەناو ئەدەبیاتدا هەبووە.

لە هەقایەتی (بەخت و داد / بەغداد)، هەقایەتێکە مێژووی دروستبوونی ناوی شاری (بەغداد)مان وەکو شارێکی دێرین پێدەڵێت . کەواتە پێمان دەڵێت ئەم وشەیە ڕەمزی چییە و لە چییەوە هاتووە . ئەویش لە هەقایەتەکەدا لە ڕێی گەڕانەوە بۆ ڕیشەی مێژوویی وشەکە ((شتێکی دیکەمان نیشان دەدات، چەمکەکە بە نموونە و بەڵگەوە پێشکەش دەکات .)) [میرصادقی،١٣٩٠،ص٣٠٨] ئەم هەقایەتە باس لە پیاوێکی هەژار دەکات، ڕۆژێک دەچێتە سەر ڕووبار و کۆمەڵە دارێک دەبینێ و دارەکان لادەبات، دە رگایەک دەردەکەوێ، لە دەرگاکە دەچێتە ژوورەوە، دەبینێ ئەم ژوورە پڕە لە زێڕ . دێتەوە ماڵ و بۆ ژنەکەی دەگێڕێتەوە . دەڵێ: دەچم بە وەزیر دەڵێم، هەرچەندە ژنەکەی دەڵێ مەچۆ، بەڵام دەچێت و بە وەزیر دەڵێت، وەزیریش دەڵێ با بچین سەیری بکەین، کە دەچن وەزیر لەوی کابرا دەکو ژێت. پاشان وەزیر داوا لە حاکم دەکا زەوییەکی بداتێ بۆ ئەوەی بیکاتە کۆشك، حاکمیش دەڵێ کوێت پێخۆشە ئەوێ هەڵبژێرە، ئەویش سەر ڕووبارەکە هەڵدەبژێرێ. ڕۆژی کردنەوەی کۆشك حاکمیش داوەت دەکا. ژنەی کابرا کورەکانی ناو دەنێت تەخت و داد، لەو ڕۆژەدا هاوار دەکا تەخت و داد، حاکمیش کە گوێی لەوە دەبێت، دەڵێ کێیە وا هاوار دەکا بیهێنن، ژنەیش هەموو مەسەلەکە بۆ حاکم دەگێڕێتەوە . حاکمیش لەوێ وەزیر لە سێدارە دەدات و ئەو شوێنە ناو دەنێن تەخت و داد و دواتر دەبێتە بەغداد. [جەعفەر،٢٠١٠،ل٢٢]

دەبینین هەقایەتی فۆلکلۆریی کوردی، بۆتە ڕێیەك بۆ ئەوەی ڕیشەی مێژوویی ناوی ئەو شارە بزانین. کەواتە بەغداد دەبێتە ڕەمزێک بۆ دادپەروەری . لێرەدا هەقایەتخوان لە چوارچێوەی ڕەمزە مێژووییەکەدا، هەندێ چەمک و گشتیمان دەداتێ ، لەژێر ئەو چەمك و دەلالەتانە، چەمک و دەلالەتی لاوەکی هەن، کە خزمەت بە بیرۆکەی بنەڕەتی هەق ایەتەکە دەکەن. ڕاستە باسی سەردەمی "هاڕوون ڕەشید " دەکرێ، بەڵام لە پشت ئەوەوە ئەم خەلیفەیە دەبێتە ڕەمز و دەلالەت بۆ ئەو خەلیفانەی بە دوای هەوەس و ئارەزووی سێکسییەوەن و بەهۆی سەرقاڵیان بە ڕابواردن ئاگاداری میللەتەکانیان نین . بۆیەیش هەقایەتخوان لەناو دەقەکەد ا ڕەمزەکان پەرت دەکا، بۆ ئەوەی خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەدا، هەموو ئەو دەلالەت و ڕەمزانە لەگەڵ یەکدی گرێ بداتەوە، بۆ ئەوەی بە ڕەمزلە گشتییەکە بگات . کەواتە یەکبوونی دەلالەت لەناو دەقدا لە یەکبوونی واتا دەدۆزینەوە، ئەویش بە هۆی دەستەواژە و ڕستەکانەوە . ڕاستە لێرەدا ناوەکان

(هاڕوونە ڕەشید ) و (بەغداد) ناوی واقیعیین، بەڵام لە پشت خۆیانەوە ڕەمزی دیکەیان هەڵگرتووە، لە ئەنجامی خوێندنەوەی کۆی دەقەکەدا، بەو ڕەمزە مێژووییە دەگەین.

ب. ڕەمزی ئەفسانەیی

هەرچەندە هەقایەتی ئەفسانەیی و هەقایەتی فۆلکلۆریی جیاوازیان هەیە، بەڵام ئ ەمە ئەوە ناگەیەنێت، هەقایەتی فۆلکلۆریی سوود لە ڕەمزی ئەفسانەیی وەرنەگرێت . هەقایەتی فۆلکلۆرییش لە زۆر باردا پەنا بۆ ئەفسانە دەبات، چونکە ئەویش بەرهەمی بیرکردنەوەی مرۆڤی سەرەتایە. بۆیەیش ((ئەفسانە هەموو ئەو چیرۆکە خەیاڵاوی و سەرەتایانەیە کە مرۆڤ دروستی کردو ون، بەرانبەر بە دیاردەکانی سروشت کاتێك مرۆڤ نەیتوانیوە گوزارشت لە دیاردەکان بکات بەشێوەی ئەفسانە هەستەکانی دەرپڕیوە، تا وای لێهاتووە ئەفسانە تێکەڵ بە هەموو ژیانیان بووە.)) [عیسا،٢٠٠٩،ل٣١٨] زۆر لە ئەفسانەکان لە سەردەمی یۆنانییەکانەوە تا ئێستا، بوونەتە ڕەمز بۆ دەربڕینی لایەنێکی ژیان، ئەفسانەیش لە کۆی بوارەکانی ژیاندا وەکو ئایینی، مێژوویی، ئەدەبی...تاد هەن.

لە هەقایەتی (ئەو دێوەی ویستی کوری ئاشەوان بکوژێت )، باس لە کورە ئاشەوانێک دەکا، کچی پاشا دەبات و دەیکاتە هاوسەری خۆی، پاشان دەڕۆن و دەچنە وڵاتی دێوان، لەوێ کوری ئاشەوان هەشت لە دێوەکان دەکوژێت و یەکیان خۆی حەشار دەدات . دواتر دێوە و ژنەی کورە ڕێکدەکەون کورە بکوژن. چەندە ژنە بەهانە بە کورە دەگرێ و داوای شتێك دەکا، کە لە شوێنی ترسناکدا هەیە، بەڵام هەموو جارەکان کورە سەرکەوتوو دەبێت . تا ڕۆژێک دەڵێ هێزی تۆ لە کوێدایە؟ ئەویش دەڵێ لە شانەکانم. بەمەیش بە فێل دەیخەنە ناو مەنجەڵێك و مەنجەڵەکەیش بە ڕووباردا دەدە . جادووکەرێک دەبێ، کانی و ئاوی حەیاتی لە ماڵەکەیەتی، ڕووبارەکە بە تەنیشت ماڵیدا دێت، کورە دەگرێتەوە و ڕزگاری دەکات . (( شاگردەکان چوون مەنجەلە گەورەکەیان هێنایەوە و لەبەردەمی جادووگەریان دانا و سەری مەجەڵیان هەڵدایەوە و دیتیان کورەکەی لەناو دایە و هەناسەی نەدەدا، هەموو لەشی تێکشکابوو. جادووکەر هێنای هەموو لەشی پارچە پارچە کرد و بە ئاوی حەیات شوشتییەوە.)) [حەسەن٢٠٠٦،ل١٨٣] ئاوی حەیات ڕەمزێکی ئەفسانەییە، کە خەڵک بەهۆیەوە نەمری بە دەست دەهێنن . گلگامێش، کە ئەفسانەیەکی سۆمەرییە، بە دوای گیای نەمریدا گەڕاوە، لە ئەفسانەکەد ا دەیدۆزێتەوە، بەڵام دوای ئەوەی دەیەوێ لەسەر ڕووبارێک پشوو بدات و دەخەوێ، مارێك دێت و گیایەکە دەخوات . بە گۆڕانی سەردەم و ژیانی مرۆڤەکان ، بەتایبەتی لەگەڵ هاتنی ئایینی ئیسلام ئەم گیای نەمرییە بۆتە ئاوی ژیان . گوایە کەسێک بەناوی "خدری زیندە " ئەم ئاوەی خواردۆتەوە و شوێنەکەی دەزانێ، هەمیشە بە نەمری ماوەتەوە . ((خدری زیندە نامرێ لە هەموو شوێنێك هەموو موویەک هەڵکروزێنیت ئامادەیە، بەدەم لێقەوماوانەوە دێت. یاریدەی هەژاران ئەدات. ڕێگا نیشانی گومڕایان و سەرلێشێواوان ئەدات، زۆر جار ڕێگەی ڕاست، ڕێگەی چاکەکردن و واز لە زۆرداری هێنان نیشانی میر و پاشایان ئەدات .)) [ڕەسووڵ،١٩٧٩،ل٢١،٢٢] ئەم کەسایەتیەش

وەکو ڕەمزی نەمری و مانەوە لەناو هەقایەتەکاندا هەیە . ئەرکی ئەم کەسایەتییە هەمیشە چاکەکردنە، هەموو هەوڵێکی بۆ سەرخستنی لایەنی چاکەیە . هەقایەتی (خدی زندە)، خزری زیندە وەکو کەسایەتییەکی چاکەخواز دەردەکەوێت . کۆمەکی (ئەحمەد)ی پاڵەوان دەکات بۆ ئەوەی کچی پاشا کە قسە نکات بە قسەی بهێنێت . پاش ئەوەی (ئەحمەد) بەپێی ڕێنماییەکانی (خدری زیندە ) کچەکە بە دەست دەهێنێت، ئەویش داوای بەشکردنی دەسکەوتەکە دەکات. پاش ئەوەی شمشێری لە پاتێلی کچەکە داو مارێ ک بەردەبێتەوە. ئەو مارە خۆی لە ملی کچە ئاڵاندبوو و هۆکاری قسەنەکردنی کچەیش هەر ئەو مارە بووە . ((پیاوەکە وایگوت و لەبەرچاو بزر بوو. ئەو حەلە ئەحمەد زانی ئەوە خدری زیندەیە. ئیتر دەستی کچە پاشای گرت و بردی.)) [گەردی،٢٠١٤،ل٢٥]

لەم هەقایەتدا جودا لەوەی دوو بەرەی چاکە و خراپەمان هەیە: کەسایەتی (خدری زیندە) وەکو بەرەی چاکەخواز دەردەکەوێت. ڕەمزێکی ئەفسانەییشە و ئاوی ژیانی خواردۆتەوە، ئەمەیش بۆ ئەوەی تاکو دنیا ماوە بەرەی چاکە بە نەمری بمێنێتەوە و کۆمەکی هەژاران و چاکەخوازان بکات . لە کوێ مرۆڤەکان پێویستیان بە یارمەتی هەبێ، ئەو ئامادە دەبێت. لەلایەکی دیکە (مار)وەکو ڕەمزی خەراپە دەبیندرێت . بە پڕوای ئێمە سەرچاوەی ئەفسانەیی (مار) وەکو هێزی خراپە بۆ ئەفسانەکەی گلگامیش دەگەڕێتەوە، دوای ئەوەی گیای نەمری لە گلگامیش دەخوات . تاکوو ئێستایش ئەو بۆچوونە ئەفسانەییە هەیە، کە مار نەم رە، بۆیەیش هەموو ساڵێك کاژێک فڕێ دەدات. ئەگەر مار ئەو گیا نەمرییەی نەخواردایە، ڕەنگە مرۆڤ نەمردبا . تەنانەت ئەو بۆچوونەیش هەیە، کە مار بۆتە هۆی فریودانی حەوا لە بەهەشت و وایکردوە سێوەکە بخوات، بەم هۆیەوەیش لە بەهەشت دە بکرێن.

(پیرەژن) وەکو کەسایەتییەکی ناو زۆربەی هەقایەتەکان، هەمیشە ڕۆڵێ خراپە و فێڵباز دەبینێت. پیرەژن ڕەمزی خراپەیە، ڕەمزی هەڵخەڵەتاندنە . لە زۆر هەقایەتی فۆلکلۆریی کوردیدا ئامادەیی هەیە. لە هەقایەتی (دەروێش و کوری پاشا )دا پیرەژن ڕۆڵی نەرێنی هەیە، ئەویش بردنی خێزانی (مەڵکەحمەد)ە بۆ کوری پاشایەکی تر. ((ڕۆژێکیان پیرەژنێك هاتە خزمەتی کوری پاشا و وتی: داپیرە لە دەورت گەڕێ خۆم ئەم کچەت بۆ دەهێنم . کورە گەشایەوە و وتی: داپیرە ئەگەر تۆ ئەم کارەم بۆ بکەی مەرجی بێ سەنگایی خۆت ئاڵتوونت بدەمێ . داپیرە گوتی: نەء من تەنیا سەنگایی خۆم پەتکم دەوێ .)) [تۆفیق،٢٠٠٠،ل٣٦٨] ئەوەی پیرەژن لێرەدا ئەنجامی دەدات، لێککردنی دوو خۆشەویستە، ئەویش لە پێناو پەتک و موو. ئەگەر بە وردی بنۆڕین چونکە کارەکە خراپە، پاداشتەکەیشی، کە پەتکە نرخ و بەهایەکی نییە . لەلایەکی دیکە ڕەمزێکی ئەفسانەییە، بە پڕوای ئێمە بۆ لایەنی دەروونی پیرەژن دەگەڕێت ەوە، چونکە پیرەژن هیچ جوانییەکی نەماوە و ناشرینە، بۆیەیش هەوڵی لەناوبردنی جوانی دەدات . لە ئەفسانەی (حەوت کورتەباڵا )دا، کە ئەفسانەیەکی جیهانییە، لەوێشدا حەوت کورتە باڵا کچێکی جوان

هەڵدەگرنەوە و وەکو خوشکی خۆیان قبووڵی دەکەن، بەلام پیرەژنێک بە سێوێکی ژەهراوی دەیەوێ جوانی کچەکە بۆ خۆی ببات و دەیکوژێ، بەڵام بە ماچی کورە پاشا چاك دەبێتەوە.

ج. ڕەمزی ئایینی

ڕەنگە ئایین گەورەترین کاریگەری لەسەر هەقایەتی فۆلکلۆریی کوردی هەبێت، چونکە هەقایەتی فۆلکلۆریی، هەقایەتخوانەکانی لە کەسانی ئاسایی و نەخوێندەوارن و زووترین پێوەستبوونیان بە ئایینەوە هەیە . ئایین و ئەفسانە زۆر تێکەلاوی یەکدین . زۆرترین ڕەمز لە کۆنەوە لەناو ئەفسانە و ئایینەکانەوە هاتووە . (( ڕەمزی ئایینی ئاستێکی جیاوازی هەیە، ئامانجی ئەوەیە مرۆڤ بگاتە سیستەمێکی سەرەوەی سرووشت، یا ئەودیو سرووشت، جگە لەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکرێت بابەتێکی کەمتر نییە لەوەی کە لەناخەوە کۆمەڵایەتییە .)) [حەمەد،٢٠١٢، ل٢٤٧] بە واتایەکی دیکە زۆر لە ڕەمزە ئایینییەکان ڕەهەندی کۆمەڵایەتیشیان هەیە، هێندەی ئێمە تێبینیمان کردبێت، ڕەمزە ئایینییەکان لەناو هەقایەتی فۆلکلۆری کوردیدا، پێوەستن بە ئایینی ئیسلام ەوە. هەرچەندە ڕەمزی ئایینەکانی دیکەیشی تێدایە، بەڵام ئەوانیش لە ڕێی ئایینی ئیسلامەوە هاتوون. هەموو ڕەمزە ئایینییەکانیش لەبەر پیرۆزیی ئایین و ئەو ڕەمزانە، شێوەیەکی میتافیزیکی و نالۆژیکی وەردەگرن.

لە هەقایەتی (پیرەمێرێ بێ ئاقل )دا، باسی مووسا پێغەمبەر (د.خ) دەکرێت. (( جارەکێ پیرەمێرەک هەبوو، گۆت: ئەز دێ رابم چمە دەڤ مووسا پێغەمبەر لە چیایێ تۆرۆسینا، دا ل گەل خودێ باخڤیت کا بۆ چی رزقێ من نادات.)) [جەعفەر،٢٠١٠،ل٧٣] لێرەدا مووسا پێغەمبەر وەکو ڕەمزێکی ئایینی هاتووە، چونکە ئەم پێغەمبەرە ڕاستەوخۆ لەگەڵ خودادا ئاخاوت نی دەکرد، شوێنی ئاخاوتنیش کێوی تورر بووە. لە ڕێی ئەم هەقایەتەوە، وانەیەکمان پێشکەش دەکات، کە بە ناراستەوخۆ خودا زۆر شت بە پیرەمێرد دەدات، بەلام پیرەمێرد درکیان پێناکات . مووسا وەکو ڕەمزێکی ئایینی دەلالەتە لەوەی مرۆڤ دەتوانێ ڕاستەوخۆ و بەبێ هیچ ناوبەندێك لەگەڵ خودا بپەیڤێت، هەروەك خودا لە قورئانیش ئاماژەی بەوەی کردووە، کە لە شادەماری ملتانەوە نزیکترم لێتان.

لە هەقایەتی (بەسەرهاتی جوولەکە)دا، جوولەکە وەکو ڕەمزێکی ئایینی بۆ ئایین و کەسانی جوولەکە هەمیشە لەلایەن موسڵمانانەوە وەکو دوژمن و فێڵباز و دژەموسڵمان سەیر کراون. لەم هەقایەتەدا پیاوێکی جوولەکە هەموو ڕۆژێک دەچێتە بازاڕ و پیاوێکی موسڵمان بەناوی ئیشەوە لەگەل خۆی دەبات و لە شاخێک، کە چواردەوری بە دەریان گیراوە بەجێی دەهێڵێت . ((ئەو شوێنەی، کە کرێکارەکانی دەبرد شوێنێکی زۆر ناخۆش بوو، شاخێک بوو هەر چواردەوری ئاو بوو، وە شاخەکەیش زۆر ڕاست بوو کەس نەیدەتوانی بەسەر بکەوێ و لەبن شاخەکەش ئەشکەوتێك هەبوو ناو ئەشکەوتەکەش پڕی لیرە بوو .)) [حوسێن،٢٠٠٧،ل١٥٨] جوولەکە وەکو ڕەمزێکی ئایینی لەناو کوردەوارییدا هێمایە بۆ ڕەزیلی و قرچۆکی، کە هەمیشە چاوی لە پارە سامانە و دڵی نایەت خەر جی بکات. بێگومان ئەم وێنەیە بەرانبەر جوولەکە ڕیشەیەکی کۆنی

هەیە، تەنانەت لەناو ئایینی مەسیحیش هەبووە . باشترین نموونەمان دەقی (بازرگانی ڤێنیسیا)ی "شەکسپیر"ە، لەوێدا "شارلۆت"ی جوولەکە وەکو سووخۆر و کەسێکی ڕەزیل و خەراپ وێناکراوە، کە پارەکانی لە هەموو شت خۆشتر دەوێت. ئەمەیش بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی ئایینیەکان دەگەڕێتەوە، چونکە، کە ئایینی مەسیحی دێت، ئایینی جوولەکە هەبووە و مەسیحییەت ئەم ئایینە ڕەتدەکاتەوە، کە ئیسلام دێت، هەردوو ئایینی جوولەکە و مەسیحی ڕەتدەکاتەوە، ئەمە ڕق و ململانی لەنێوانیاندا دروست دەکات.

لە ڕەمزی ئایینیدا نابی ڕۆڵی کتێبە ئاسمانییەکانی وەکو تەورات و ئینجیل و قورئان لەبیر بکەین. لە ڕێی ئەم کتێبانەوە دەیان ناو و کەسایەتی و چیرۆك شێوەی هەقایەتیان وەرگرتووە. بۆ نموونە لە سەدەکانی شازدە و حەڤدەدا بزووتنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ لێکۆڵینەوە لە کتێبە ئاسمانییەکلنی وەکو تەورات و ئینجیل پەیدابوو . لەو کاتەدا ((زانستێکی نوی بەناوی ڕەخنە لە کتێبی پیرۆز پەیدابوو، ئەو زانستە ڕەخنە و ڕاڤەی بۆ کتێبی پیرۆز دەکرد، بە پەیمانی کۆن (تەورات و هەموو ڕاڤەکانی ) و پەیمانی نوێ (کۆی ئینجیل و نامەکان )، بەتایبەت لە پەیمانی کۆندا.)) [ عزیز، ٢٠٠١،ص٥] لەوێدا پسپۆرانی ئەم کتێبانە گەلێك لایەنی هونەری و بیروباوەڕ(عقیدە) و فیکری مرۆڤیان دۆزیەوە . زانایانی فۆلکلۆر و زانایانی بواری مرۆڤناسی ((لە توێژینەوەکانیاندا لە پەیمانی کۆن گەلی لایەنی بیروباوەڕ و دابونەریتی میللییان دۆزیەوە و بۆ سەرچاوە یەکەمەکەیان گەڕاندەوە، هاوکات توێژینەوەیان لە هەندی فۆرمی ئەدەبی فۆلکلۆرییدا لە پەیمانی کۆندا کرد.)) [عزیز،٢٠٠١،ص٦] ئەم لێکۆڵینەوانە بۆ قورئانی پیرۆزیش هەر ڕاستن . دەتوانین گەلێ لایەنی ئەدەبی و فۆلکلۆری و میللی تێدا بدۆزینەوە، بەڵام بەهۆی لایەن پیرۆزییەکەی تاکو ئێستا دەستی بۆ نەبردراوە . تەنیا لایەن باوەڕی و یاسا شەرعییەکانەوە نەبێت، زانایانی موسڵمان بۆ لایەنکانی دیکە نەڕۆیشتوون . ئێمە دەزانین بەشێک لە قورئانی پیرۆز چیرۆکە، کۆی چیرۆکەکانیش دەلالەتی خۆیان هەیە، ڕاستە دەلالەتەکان ڕەهەندێکی ئایینیانەیان هەیە، بەلام دە توانین ژیانی مرۆڤی کۆن و نەتەوەکانی پێشتریان تێدا بدۆزینەوە . لە ئێران بە هۆی ئەم چیرۆکانەوە چەندین بەرهەمی سینەمایی و درامیان چێ کردووە . دیارترینیان، کە ئێمە پێی ئاشناین زنجیرە درامای (یارانی ئەشکەت) و (یووسفی ڕاستگۆ)ن. لە قورئاندا شەش سورەت لەو (١١٤) سورەتە، دەلالەتن لە چیرۆکی پێغەمبەران ئەوانیش : یوونس، هوود، یووسف، ئیبراهیم، محەمەد، نووح . چەند سوورەتێکی تریش هەن، چیرۆکن و بەناوی کەسایەتی چیرۆکەکانەوە کراون وەکو : مەریەم، لوقمان و یارانی ئەشکەوت . هەموو ئەمانە بە تێپەڕینی کات دەبنە ڕەمز و خۆیان دەخزێننە ناو ئەدەبیاتی فۆلکلۆر و شێوەی گێڕانەوەیان گۆرانی بەسەردا دێت.

ئەنجامەکان:

١. شیعرییەت و سیمۆلۆژیا پێوەندییەکی پتەو لەنێوانیاندا هەیە، چونکە هەردووکیان پێوەندن بە پرسی زمان و دەلالەتەوە.

٢. ڕەمز بەهۆی جیاوازبوونی لە مەغزایەکەی هەمیشە تووشی لێڵی و ناڕوونیم ان دەکات. ئەم ئاڵۆزی و ناڕوونییە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی هەستەکان.

٣. لەگەڵ پەیدابوونی مێتۆدی سیمیۆلۆژیدا، ڕەمز دەبێتە کلیلێك بۆ درکپێکردنی سروشت و بوونی مرۆڤ . دەبینین ئەمە لە هەقایەتی فۆلکلۆریدا تەواو ڕەنگی داوەتەوە، کەواتە بۆ ڕاڤەکردنی سروشت مرۆڤ لە کۆندا پەنای وەبەر ڕەمز بردووە.

٤. کەسایەتییە مێژووییەکان چ بیانی و چ کورد لە زۆر هەقایەتی فۆلکلۆرییدا ئاماژەیان بۆ کراوە . دیارە ناوهێنانیان لەخۆڕا نییە، بەڵکو دەبێ سەردەمی مێژوویی ئەم کەسایەتیانە گرینگی و بایەخی نەتەوەیی و مێژووییان هەبێت.

٥. زۆر لە ئەفسانەکان لە سەردەمی یۆنانییەکانەوە تا ئێستا، بوونەتە ڕەمز بۆ دەربڕینی لایەنێکی ژیان، ئەفسانەیش لە کۆی بوارەکانی ژیاندا وەکو ئایینی، مێژوویی، ئەدەبی...تاد هەن.

٦. زۆر لە ڕەمزە ئایینییەکان ڕەهەندی کۆمەڵایەتیشیان هەیە، هێندەی ئێمە تێبینیمان کردبێت، ڕەمزە ئایینییەکان لە ناو هەقایەتی فۆلکلۆریی کوردیدا، پێوەستن بە ئایینی ئیسلامەوە . هەرچەندە ڕەمزی ئایینەکانی دیکەیشی تێدایە، بەڵام ئەوانیش لە ڕێی ئایینی ئیسلامەوە هاتوون.

سەرچاوەکان:


بە زمانی کوردی

١. تودورۆف (تزوتان)، ٢٠١٢، بووتیقای پێکهاتەخواز، و :محەمەد تەرەغە، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

٢. تۆفیق (محەمەد حەمەساڵح)، ٢٠٠٠، هۆنراوە و چیرۆکی فۆلکلۆری کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردن، بەرگی یەکەم، وەزارەتی ڕۆشنبیریی، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

٣. جەعفەر (حجی)، ٢٠١٠، گلاڤێژ (کۆمەلەک چیرۆک و سەرهاتێین فۆلکلۆر ل دەڤەرا بادینان )، ئەنستیتوتا کەلەپوورێ کوردی، دهۆك.

٤. حەمەد (د.پەخشان سابیر)، ٢٠١٢، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی (کرمانجی خوارووی ١٩٧٠/١٩٩١)، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

٥. حوسێنی، (ڕەزا سەید )، ٢٠٠٦، قوتابخانە ئەدەبییەکان، و :حەمەکەریم عارف، دەزگای موکریان، هەولێر.
٦. حەسەن (مەولود ئیبراهیم)، ٢٠٠٦، هێلکەی نامی، کۆکردنەوە و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، بەرگی یەکەم، بەشی دووەم، ئەنستیوتی کەلەپووری کوردی، هەولێر.
٧. حوسێن (د.هیمداد)، ٢٠٠٧، ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی (دەق و لێکۆڵینەوە )، سەنتەری ڕووناکبیریی هەتاو، هەولێر.
٨. خۆشناو (هێمن عومەر)، ٢٠١٠، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی،وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر.
٩. ڕەسووڵ (د.عیزەدین مستەفا)، ١٩٧٩، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری، زانکۆی سلێمانی، چاپی دووەم، سلێمانی.
١٠. عیسا (هاوژین سلێوە)، ٢٠٠٩، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
١١. گەردی (عەزیز)، ٢٠١٤، سێ دەرمان (هەقایەتی کوردەواری )، کۆکردنەوە و ئامادەکردن، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.
١٢. پیرباڵ (فەرهاد)،٢٠٠٤، ڕێبازە ئەدەبییەکان، ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە فرەنسییە وە، دەزگای ئاراس، هەولێر.

بە زمانی عەرەبی:
١٣. بارت (رولان)، ١٩٨٦، مبادىء علم الادلة، ت :محمد البكري، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.
١٤. دي سوسيير (فردیناند)، ١٩٨٥، علم اللغة العام، ت :یوئیل یوسف عزیز، مراجعة : مالك یوسف المطلبي، دار الافاق العربیة، بغداد.
١٥. الزواوي (بغورة)، ٢٠٠٧، العلامة والرمز في الفلسفة المعاصرة، مجلة عالم الفكر، عدد:٣.
١٦. عزیز (د.كارم محمود )، ٢٠٠١، الاسطورة والحكایة الشعبیة في العهد القدیم، عین للدراسات والبحوث الانسانیة والاجتماعیة، المصر.

بە زمانی فارسی:
١٧. میرصادقی (جمال)، ١٣٩٠، عناصر داستان، انتشارات سخن، چاپ هفتم، تهران.

## REFERENCES

Aziz, Karim Mahmoud, (2001). Myth and Folk Tales of the Old Testament, Ain for Human and Social Studies and Research, Egypt.
Bart, Roland, (1986). Principles of Evidence, Translation from: Mohammed Bakri, House of Public Cultural Affairs, Baghdad.
Birbal, Farhad, (2004). Literary Schools, Translation from French, Aras Printing and Publishing House, Erbil.
De Sussier, Ferdinand, (1985). General Linguistics, Translation from: Yoel Youssef Aziz, Review: Malik Yousef Al-Muttalibi, Dar Al-Afaq Al-Arabiya, Baghdad.
Jaafar, Haji, (2010).Galavizh (collection of the folk tale of Behdinan), the Kurdish Heritage Institute, Dohuk.
Gardi,Aziz, (2014). Three medicine (Kurdish story), Awer Printing and Publishing House, Erbil.
Hamad, Bakhshan Saber, (2012).The symbol of Kurdish poetry, Kurdish Academy, Erbil.
Hassan, Mouloud Ibrahim, (2006). Nami Egg, First Skin, Kurdish Heritage Institute, Erbil.
Hosseini, Raza Sayed, (2006). Literary schools, translated by: Hamakirim Aref, Mukiryani House for Printing and Publishing, Erbil.
Hussein, D. Hemedad, (2007). Kurdish Folklore Literature, Cultural Center Hattau, Erbil.
Issa, Hawzhin Slewa, (2009). Structure of poetic image in poetry Sherko Bekas, Sardam Printing and Publishing House, Sulaimani.
Mirsadqi, Jamal, (1390), Elements of the Story, Sahkun House of Public, Seventh Edition, Tehran
Tawfiq,Muhammad Saleh, (2000). Kurdish folklore poetry and story, first skin, Ministry of Culture, Sulaimani Directorate for Publishing and Distribution.
Zouaoui, Bagoura, (2007).The mark and symbol in contemporary philosophy, the world of thought magazine, number: 3.